بەش...مێژوو.........................

کۆلێژ......ئاداب......................

زانکۆ .....سەلاحەدین/ هەولێر.......................

بابەت ..... ( مێژووی هاوچەرخی ئێران ) ......................

**پەرتووکی کۆرس – بۆ (ساڵی ١، ٢، ٣ یان ٤ لقی کورد)**

**ناوی مامۆستا : د. دلزار صالح صادق**

بەکالۆریۆس دبلوم ، ماستەر، دکتوراه

**ساڵی خوێندن: (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤)**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | مێژوو/ ئەدەبیات |
| ٤. پەیوەندی | |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | بۆ نموونە تیۆری: ٣-<br>پراکتیک: ٠ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا<br>٣ کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | |

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:
لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە)
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە
- بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین کردنی هەڵی کار

بابەتی مێژووی ئێران و تورکیای هاوچەرخ یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، بۆیە شارەزابوونی قوتابیان لەو

سەردەمە مێژووییە گرنگە، بکرێتەوە، مێژووتەنها لایەنی سیاسی ناگرێتەوە راستە لایەنی سیاسی ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەیە بەلاٌم لە کۆتاییدا مێژوو راستیەکان دەخاتەڕوو لە هەموو کاتیشدا دەرگا لەبەردەم بیروبۆچوونی قوتابیان ئاوالاٌ دەکات، بە واتایەکی تر بیرکردنەوەی قوتابی فراوانتر دەبێت و سەرپشکی دەکات لە تاوتوێ کردنی مەسەلەکان وە دەتوانێت ئاسانتر بریار بدات. کۆرسەکە بە گوێرەی پەرتوکە ڕەسەنەکان دارێژراوەو، لە هەر سەرەبابەتێك بنەما و چەمکەکانی تایبەت بە سەرە بابەتەکان بەرچاو دەخرێت و شیدەکرێتەوە، ئەوەی تایبەتە بە خالّی دووەم کۆرس بووکەکە باس لە بابەتە بنەڕەتیەکانی مێژووی ئێران و تورکیای هاوچەرخ دەکات لە چوارچێوەی بابەتەکانی ئێرانی هاوچەرخ وەك هاتنە سەر دەسەلاّتی شاکان و چۆنیەتی حوکم کردنیان و هۆکاری لاوازی و ڕووخانیان پەیوەندی نێودەوڵەتیان لەگەڵ ولاّتە زلهێزەکان بە پێ ی سەردەمەکان ، لە مێژووی تورکیای هاوچەرخ دامەزراندنی کۆماری تورکیا و رووخانی دەولّەتی عوسمانی و هەلّوەشانەوەی خەلافەت ، دامەزراندنی چەندین پارت و لایەنی سیاسی، هەروەها لایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و سەربازی ئەو سەردەمە باس دەکرێت، هەوڵدەدرێت بابەتەکان لەو سەرچاوانە وەربگیرێت کە ڕەسەن و بنەڕەتن .

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

بابەتی مێژووی ئێرانی هاوچەرخ یەکێکە لە بابەتە گرینگ و بایەخدارەکانی قۆناغی سێیەمی بەشی مێژووی زانکۆی سەلاٌحەددین، ئەم بابەتە بۆ سالّی خوێندنی (٢٠٢٣ – ٢٠٢٤) تیشك دەخرێتە سەر بابەتەکانی ئێرانی هاوچەرخ وەك هاتنە سەر دەسەلاّتی شاکان و چۆنیەتی حوکم کردنیان و هۆکاری لاوازی و ڕووخانیان پەیوەندی نێودەوڵەتیان لەگەڵ ولاّتە زلهێزەکان بە پێ ی سەردەمەکان ، لە مێژووی تورکیای هاوچەرخ دامەزراندنی کۆماری تورکیا و رووخانی دەولّەتی عوسمانی هەلّوەشانەوەی خەلافەت ، دامەزراندنی چەندین پارت و لایەنی سیاسی، هەروەها لایەنی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و سەربازی ئەو سەردەمە باس دەکرێت.

لە میانەی خوێندن وتاوتوێکردنی ئەم تەوەرانە بە هەموو ئەو گۆرانکارییە سیاسی وکارگێڕی وئابووری و کۆمەلاٌیەتی ورۆشنبیری وشارستانیانە ئاشنا دەبین، جگە لەوەش لە سەر بنەمای ڕووداوە مێژووییەکان قوتابی دەگاتە دەرئەنجامێك لە هەموو ڕووداو ومەسەلەیەکی مێژووی، هەروەها دەبێتە هۆکارێك بۆ درك كردن بە هەلّەکانی ڕابردوو لە گەلّ ئەوەشدا سوودی بۆ کاری ئەمڕۆ وداهاتوو دەبێت.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

گرنگە قوتابی بایەخ بە بابەتەکە بدات، وە ئەمەش بە ئامادەبوونی لە هۆلّەکانی وانەووتنەوەو تاقیکردنەوە دەبێت، وە هەولّدەدرێت قوتابی ڕێنیشان بدرێت بۆ خوێندنەوە و ئامادەبوون بۆ هەر پرسیارێك کە ڕووبەڕووی دەکرێتەوە لە ماوەی وانەوتنەوە. ئامادەبوونی قوتابی لە کاتی تاقیکردنەوەکان نیشانەی گرینگی دانە بە بابەتەکە من وەکو مامۆستا ئامادەبوونی قوتابی لە پۆل وبەشداری کردنی لە سیمینار و تاقیکردنەوەکان بە پێویستیەکە ڕەوای دەزانم

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

ئەم ئامرازانە بەکاردێت لە وانەووتنەوە

١- داتاشۆ (پاوەرپۆینت) لە کاتی پێویست

٢- تەختەی نوسین

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**لە کۆی ٤٠ نمرەی کۆششی وەرزانە ٣٠ نمرە لە سەر تاقیکردنەوەکان و ١٠ نمرە لە سەر ئاستی زانستی قوتابی(بەشداریکردن و ئامادەبوون) دادەنرێت، واتا: بەشداریکردن ٥ نمرەو ٢,٥ نمرە ئامادەبوون و ٢,٥ تێبینی و ڕەخنەگرتن.**

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

**١- ئامانج لە خوێندنی مێژوو تەنها باس کردنی ڕووداوەکان نیە بەلکو ئەزموون وسوود وەرگرتنە. هەروەکو ابن خلدون کتێبەکەی خۆی ناوناوە (العبر) پەند وەرگرتن بۆ ئەوەی هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبێتەوە وقوتابی کە مامۆستای دوارۆژە سوود لە ئەزموونی سەرکەوتن ورووخان دەوڵەتەکان وەربگرێت.**

**٢- لە ئەنجامی پەیوەندی نێودەوڵەتی ئێران بەهۆی شارەزا نەبوونیان لە بارودۆخی ئەو کاتەی ئەوروپا هۆکارێك بوو کە بەردەوام دوچاری شکست ببێت لە رێکەوتنامەکان لەمیانەی دەسەلآتداریان چەندین گۆڕانکاری لە بوارەکانی سیاسی و کارگێڕی وکۆمەلآیەتی و ئابووری ڕوویدا.**

**٣–بەهۆی سوڵتانە لاوازەکانی عوسمانی کە نەیانتوانی لە ڕووی سیاسییەوە دەوڵەتەکە بەرێوە ببەن ئەو دەوڵەتە شکۆمەندە ڕووخاو.**

**٤-گرینگە قوتابیان و رۆشنبیران ومێژوونوسان لە ژێر ڕۆشنایی و لێکۆڵینەوەی بێ لایەن رووداو وکارەساتی مێژووی و بخوێنەوەو سوودی لێ وەربگرن.**

**١٦. لیستی سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی ئێرانی هاوچەرخ**

| سەرچاوە کوردییەکان | سەرچاوە عەرەبیەکان | سەرچاوە فارسیەکان |
|---|---|---|
| **١-جڤری برۆن:پوختەی مێژووی ئەوروپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ**<br>**٢-حەسەن نراقی:جەردەیەك لە مێژووی ئێران(لە کۆچی ئارییەکانەوە تا کۆتایی زنجیرەی بنەماڵەی پەهلەوی)**<br>**٣-شوکراللەبابان:مێژووی کوردو کوردستان**<br>**٤-علی تەتەر نیروەیی:مێژوویا نوویا ئێرانێ ژ دامزراندنا حکومەتا سەفەویا تا دووماهیا جەنگێ جیهانێ ئێکی** | **١-صالح محمد العابد:موقف بريطانيا من النشاط الفرنسى فى الخليج العربى**<br>**٢-عبدالعزيز سليَمان نوار:تاريخ الشعوب اللسلامية فى العصر الحديث**<br>**٣-كمال مظهر احمد:دراسات فى تاريخ ايران الحديث و المعاصر**<br>**٤-حسن كريم الجاف:الوجيز فى تاريخ ايران**<br>**٥-فريد حاتم الشحف:العلاقات الروسية الايرانية و اثرها على الخريطة الجيوسياسيه فى منطقة الخليج و منطقة اسيا الوسطى و القفقاس.** | ١-حمید هاشمی:تاریخ ایران از صفاریان تا قاجاریه<br>٢-حسن معاصر:تاریخ استقرار مشروطة ایران<br>٣-عبدالرضا هوشنگ مهدوی:تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوره صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی(١٥٠٠_١٩٤٥).<br><br>**لیستی سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی تورکیای هاوچەرخ::::** |

| | | |
|---|---|---|
| ١-جورج لنشوفسكی:الشرق الاوسط فی الشؤن العالمیة<br>٢-ابراهیم خلیل احمد:تاریخ الوطن العربی فی العهد العثمانی<br>٣-عماد احمدالجواهری:ابراهیم خلیل احمدو اخرون:النظام السیاسی الترکی<br>٤-محمد فرید:تاریخ الدولة العثمانی<br>٥-دانکورات روستو:السیاسة الخارجیة للجمهوریة الترکیه<br>٦-ابراهیم خلیل احمد،خلیل علی مراد:مێژووی ئیَران و تورکیا | | |

| | |
|---|---|
| ١٧. بابەتەکان- مێژووی ئێرانی هاوچەرخ<br>٣کاتژمێر | |
| —پێشەکییەکی مێژوویی سەبارەت بە:١-هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیایی ئێران ٢-پەیوەندی دەوڵەتی سەفەوی، دەوڵەتی ئەفشاری ،دەوڵەتی زەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی(بەریتانیا،فەرەنسا،روسیا)<br>—قاجارییەکان و کاریگەری سیاسیان لە ئێران<br>—ئاغا محمد خان و دامەزراندنی دەوڵەتی قاجاری<br>—فەتحعەلی شای قاجار(١٧٩٧-١٨٣٤)<br>—شەڕی نێوان ئێران روسیا و دەرئەنجامەکانی<br>—محمدشای قاجار————شۆرشی بابیه<br>—ناصرالدین شا——چاکسازییەکانی ئەمیرکبیر<br>—ئێران لە کۆتایی دەسەڵاتداری قاجارییەکان<br>—شۆرشی دەستوری<br>—ئێران لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی<br>—رەزاخان(١٩٢٥-١٩٤١) و ڕووخانی دەوڵەتی | |

| | |
|---|---|
| **قاجاری**<br>**ــئێران لە ماوەی ڕووخانی جەنگی دووەمی جیهانی**<br>**ــئێرا لە سەردەمی محمد رەزاشا(١٩٤١ـ١٩٧٩)**<br>**ــخۆمالیکردنی نەوت**<br>**ڕووخانی دەوڵەتی پەهلەوی و راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران٠** | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| **نیە** | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**پ١/ بۆ چی سەردەمی فەتحعەلی شا بە قۆناغێکی نوێ دادەنرێت لە پەیوەندییەکانی ئێران؟**

**وەلأم/بەر لە سەردەمی فەتحعەلی شا ئێران پەیوەندی نێودەوڵەتی هەبووە بەلأم ئەم پەیوەندییە زیاتر لە چوارچێوەی ئابوری و بازرگانی بووە، ئەمەش هۆکارێك بوو کەوا ئێران شارەزا نەبێت لە بارودۆخی سیاسی ئەوروپا بۆیە کاتێك فەتحعەلی شا لە دەوڵەتی قاجاری دەسەلأتی گرتە دەست بریاریدا کەوا قۆناغێکی نوێ دەست پێ بکات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران. بۆیە ئەم سەردەمە بە سەردەمێکی نوێ دادەنرێت لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران. بەلأم بە هۆی شارەزا نەبوونی ئێران لە بارودۆخی سیاسی ئەوروپا ئێران سەرکەوتوو نەبوو لەم پەیوەندییە٠**

**پ٢/ بەکورتی باس لەمەی خوارەوە بکە:**

**پەیوەندی دەرەوەی نێوان تورکیا و سۆڤیەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی:**

**وەلأم/سیاسەتی دەرەوەی تورکیا،دوای شەری دووەمی جیهانی کەوتە ژێ کاریگەری هەندێ دەرهاوێشتە کە جیهانی تەنیەوە ئەویش بە کارلێکی سیستەمی تازەی جیهان کە دوو بلۆکی ناکۆکی هات ئاراوە،یەکیتی سۆڤیەت و ولایەتە یەکگرتووەکان٠ پەیوەندی دەرەوەی نێوان تورکیا و سۆڤیەت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی دوچاری گرژی بوویەوە،هێشتا ئەم شەرە تەوواو نەبووبوو گیرو گرفتی هەرێمایەتی نێوان تورکیا و سۆڤیەت سەری هەڵدا٠ لە ٩ئاداری ١٩٤٥ حکومەتی سۆڤیەت یادداشتێکی دایە حکومەتی تورکیا کە تیایدا هاتبوو پێویستە بنکەیەك لەسەر تەنگەبەرەکانی ئاوی سەر دەریای رەش بدرێتە یەکیتی سۆڤیەت هەروەها داوای کرد کە واز لە قارس و ئەردەهان بهێنێ بۆ ئەرمنستان و گورجستانی سەر بە سۆڤیەت٠ لە کۆنگرەی پۆتسدام لە ساڵی ١٩٤٥ ونستۆ چرچل سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا وتی ((بەشداری ناکات لە هیچ ریکەوتنامەیەك کە ببەسترێت لە پێناو ئەوەی کەشتیگەلی جەنگی و بازگانی سۆڤیەت بتوانێ تەنگەبەرەکانی ئاو بە ئازادی بە کار بێنێ٠**

**دوای مردنی جۆزێف ستالین لە ساڵی ١٩٥٣ پەیوەندی تورکیا و سۆڤیەت ئاسایی بوویەوە وە سۆڤیەت پاشگەز بوویەوە لە داواکردنی قارس و ئەردەهان، بەلأم تورکیا ئەم پاشگەزبوونەوەی بەهەند وەرنەگرت هەوڵیدا خۆی لە رۆژئاوا نزیك بکاتەوە چووە نێو هەر دوو پەیمانی باکوری ئەتلەسی و بەغدا ئەمش**

| |
|---|
| هۆكارێك بوو بۆ ساردبوونەوەی پەیوەندی توركیا و سۆڤیەت٠ دوای كودتای ١٩٦٠و لەناوبردنی عدنان مندریس پەیوەندی توركیا و سۆڤیەت بەرەو باشی چوو چەندین رێكەوتنامە لە نێوانیان بەسترا،هەروەها دامەزراندنی چەندین پیشەسازی لە توركیا٠ |
| **٢٠. تێبینی تر** |
| **٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ** |